# شانۆ ؛ لەنێوان ئەدەب و هونەردا

## خوێندنەوەیەکە بۆ دیدو تێڕوانینە شانۆییەکانی هونەرمەند و توێژەر (دکتۆر کەیفی ئەحمەد) لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە

ڕێباز محەمەد جەزا

زۆرجاران خوێندنەوە ؛ لەچێژەوە دەگواسترێتەوە بۆ ئەرک و بەرپرسیارێتی واتە لەوە دەردەچێت کەسێک بەویستی خۆی چی دەوێت و ئارەزووی چیدەکات !! بەم پێوەرە "خوێندنەوە بەمانافراوان و گشتگیرەکەی، مەبەست لەخوێندنەوەی کتێب نییە ... بەڵکو گەڕان و .. توێژینەوەو وردبینی و تێبینی و بیرکردنەوە دەگرێتەوە کەدەتوانین بەباشی سوودی لێ ببینین وەک هەر بوارێکی تر .. " ( محەمەد جەزا، 2022، 25) یان وەک نووسەرو هونەرمەندی فەرەنسی ( جان پۆڵ سارتەر ) نووسیوویەتی :" بارودۆخی مرۆڤ و پەروەردەو بوون و پەیوەندی بەجیهان و خۆیەوە، توانای ئەو مرۆڤە دیاریدەکات " ( سارتەر، 2009، 49) کەواتە لەو ئاست و پەروەردەیەوە دەستدەکەین بەگەشتەکەمان بۆ خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندانەو تیۆرییانەی دکتۆر کەیفی ئەحمەد لەناو کتێبە چاپکراوەکانیدا.

### تەوەرەی یەکەم :

### تێگەیشتن لە ئەدەب و هونەر

پێش هەرباسێک بەرچاوڕوونییەکمان دەوێت لەبەرەی ئەوەی چۆن لەئەدەب و هونەر تێبگەین دکتۆر کەیفی چی نووسیووەو چی دەڵێت ؟ دکتۆر(کەیفی) دەنووسێت :" بابەتەکانی ئەدەب و هونەریش لەو بوارانەن، کەدەبێت بەشێوەیەکی هەستیار و زانستی بچینە بنج و بناوانی و پێشکەشی ..بکەین " هەروەها دەنووسێت :" ئەو هەوڵەی ئێمەش هەر لەو ڕوانگەیەوە ، هەوڵمانداوە چۆنێتی نووسین و خوێندن و پێشکەشکردنی ئەو بابەتە ئەدەبیی و هونەرییانە بەپێی تەمەن و خواست و پێویستی و ...هتد " ڕێکبخەین . ( ئەحمەد، 2022، 7) کەواتە لەڕوانگەی دکتۆر کەیفیەوە ئەدەب و هونەر لەگەڵ زانستەکاندا ؛ بەشێوەیەکی هەستیار مامەڵەدەکەن و هەوڵەکانیشیان بۆ ئەوەیە کە ئەدەب و هونەر لەگەڵ زانستەکاندا بەپێی تەمەن و خواست و پێویستییەکان مامەڵە بکەن !! لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەدەب وهونەر جگەلەوەی دەست وپەنجە لەگەڵ زانستەکان نەرم دەکەن دەبێت خواستی لەسەر بێت و بەپێی تەمەنەکانیش دابەش بکرێن.

ئەدەب چییە ؟ " وشەی ئەدەب وشەیەکی عەرەبییە، لەسەرەتادا بەواتای خووڕەوشتی چاک و ڕەفتاری باش هاتووە، بەتێپەڕبوونی کات ئەم وشەیە بۆتە زاراوەیەک بۆ شیعر و پەخشان ، کەدوو بنەما سەرەکییەکەی ئەدەب پێکدەهێنن و بەشێوەیەکی فراوان بەکاردێت کەواتە بەگشتی ئەدەب گوزارشتە بۆ بەرهەمی ژیریی لەناو کتێب و

نووسراو و هەموو بوارە جیاجیاکانی زانیاریدا . " (ئەحمەد، 2022، 9) لەگەڵ ئەوەی دکتۆر لەنووسینەکانیدا پاشخانێکی پوخت و قووڵ پێشکەش دەکات دەربارەی ئەدەب بەڵام دەنووسێت :" بوونی پێناسەی جیاواز ئەوە دەگەیەنێت، کەئەدەب واتایەکی بەرفراوانی هەیە، بریتییەلە: (( مێژووی ئەدەب، تیۆری ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەب، زانستی ئەدەب )) ( ئەحمەد، 2022، 10) چونکە لای دکتۆر کەیفی ئەدەب ڕوویکە لە ڕووەکانی ژیانی ئاسایی، کە وەکو ئاوێنەیەک گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە، هەروەها کارلێکردنەکانی لەگەڵ هەموو جۆرەکانی دیکەی زانستەمرۆڤایەتیەکان ؛ جیادەکرێتەوە .... بەڵام بزانین بۆ چوونی دکتۆر کەیفی دەربارەی هونەر چییە ؟ چۆن بیخوێنینەوە؟ دکتۆر بەدیاریکراوی نووسینێکی نییە تا بیخوێنمەوە بەڵام لەئەنجامی بینین و خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەوڵدەدەم خوێندنەوەکانی خۆمی لەسەر بونیادبنێم، دکتۆر دەنووسێت :" ... ئەدەب و هونەر لەنێو هەموو نەتەوەکانی دونیادا خاوەنی پێگە و ڕۆڵی تایبەتی خۆیانن لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر کارە نابەجێیەکانی سەردەمانی خۆی، ..." (ئەحمەد، 2021، 1) لێرەدا هونەر بەگشتی و لەناو پێگەو ڕۆڵی خۆیدا بارکراو دەبێت بەگۆڕانکاری دکتۆر باوەڕی وایە ئەدەب و هونەر بەگشتی و هونەر بەتایبەتی ئەرکی بریتییە لە گۆرانکاریەکانی سەردەم و گەشەی کۆمەڵایەتی و هەڵوێست وەرگرتن بەتایبەتی بەرانبەر کارە نابەجێیەکانی سەردەمی خۆی واتە هونەر بەرگریکارێکی سەردەمییانەیە !!

شانۆ چییە ؟ چۆن شانۆ تیۆریزەبکەین و بیخوێنینەوە لە ڕوانگەی هونەرمەندی شانۆکار ( دکتۆر کەیفی ئەحمەد) وە ؟ واتە لەئەنجامی خوێندنەوەی بەرهەمە شانۆییەکانی یان لەڕێگەی کتێبەکانییەوە چۆن ئەم توێژەرە بناسین ؟! شانۆ لەپێکهاتەی خۆیدا بریتییەلە :(ئەدەب وهونەر ) وەکو دکتۆر کەیفی نووسیوویەتی :" شانۆ: بە یەکێک لە شێوەکانی هونەرە جۆراجۆرەکان دادەنرێت، جێگایەکە بۆ نواندن و جێبەجێکردن، هەورەها شوێنێکە بۆ بەرجەستەکردنی چیرۆک و دەقە ئەدەبییەکان لە پێش چاوی بینەران، ئەمەش بەهۆی تێکەڵەیەک لە وشە و هێما و ئاماژە بە مۆسیقیا و دەنگ لەسەر تەختەی شانۆ ." ( ئەحمەد، 2022، 159) لەڕاستیدا شانۆ چۆن دەناسرێتەوە ؟ جۆن بزانین بەرهەمێک شانۆگەرییە بەمانا ڕاستەقینەکەی یاخود نا ! شانۆگەرییەکی هونەری لەپێنج بەشی سەرەکی پێکدێت کەبریرتین لە: " بیردۆزەی شانۆ، بەرهەمهێنان، دیمەنسازی، دەرهێنان، نواندن " هەریەکە لەم بەرهەمانە بەدووجۆر پێشکەش دەکرێن کە لەڕێی " سەکۆ(تەختە) ی شانۆ یان لەشوێنێکی کراوەدا پێشکەش دەکرێن.

**تەوەرەی دووەم**

**زمانی شانۆگەری**

زمان چییە؟ چۆن لە زمانی شانۆگەری تێبگەین ؟ پێویستیمان بەچییە بۆ تێگەیشتن لەوزمانە ؟ دکتۆر کەیفی ئەحمەد دەنووسێت :" زمان ئامڕازی دەربڕینی هەموو جۆرە ئەدەبێکە، شیعربێت یان پەخشان ؛ ئەدیب بۆ گوزارشتکردن لەناخی خۆی بۆ گەورە و بچوکەکان بەشێوەیەکی یەکسان بەکاردەهێنێت ، هەر بەهۆیەوە ئەدیب دەتوانێت وێنای ئەزموون و هەستەکانی خەڵکی بکات ، بۆئەوەی لەمیانەیەوە جۆرێک لەهاوبەشی ویژدانی بخاتەڕوو، دوای ئەوە کاریگەریی سۆز و بڕواپێهێنانی عەقڵی ، بەمەش زمان دەبێتە ئامڕازی ئەدەبی گەورە و بچووکەکان پێکەوە، بەڵام ئاستی ئەو شێوازەی کە ئەدەبەکەی پێ دەخرێتەڕوو جیاوازە لەیەکدی، .." ئەحمەد، 2022، 14) بەڵام زمان خۆی چیە؟

زمان وەک زاراوەیەک، لە کۆمەڵێ وشە و هێندێ گوزارەی تایبەتی پێکهاتووە، پێوەندی بە هەموو ئەو شتانەوە هەیە، کە دەوری مرۆیان داوە. زمان بە شێوەیەکی ڕێکخراوە، لە هێندێ پێکهاتە، گوتن (گۆکردن) و دەنگدا هاوئاهەنگن. هەموو زمانەکانی جیهانیش، بە جۆرێ لە جۆرەکانی لەرینەوەی دەنگ دەردەبڕرێن، لە کۆمەڵێ پیت و هێما پێکهاتوون، کۆمەڵێ خەڵک لە ژیانی ڕۆژانە، یا لە بۆنە ئایینییەکاندا دەیانڵێنەوە.( عەزیز، 2018) بەڵام زمانی شانۆو شانۆگەری جیاواز وقوڵترە، چونکە " سروشتی خەیاڵی هونەرمەند، ئەودیدو ڕوانگە مەعریفی و فەلسەفییەی کەهەیەتی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەو حاشاهەڵنەگر دەبینێت .(محەمەد جەزا، 2015، 39) هەروەها بەشێک لەئەدەب وهونەر جگەلەو زمانەی بەکاری دەهێنن بۆ قسەکردن و نووسین زمانێکی ئاماژەیی و هێماگەریتی و میتافۆریکی تێدایەو پێویستی بە گوزارشتی بەهێز و تواناکار و ساختمانی بیرکردنەوە هەیە . لەبەر ئەوە ئەو زمانەی لەشانۆدا هەیە لەهەردوو ڕووگەی بینەر و بەرهەمەهونەریەکەوە پێویستە هاوئاهەنگ و هاوڕێک و گونجاوبن لەگوزارشتدا .

بەڵام زمانی شانۆو شانۆگەری جیاواز وقوڵترە، چونکە " سروشتی خەیاڵی هونەرمەند، ئەودیدو ڕوانگە مەعریفی و فەلسەفییەی کەهەیەتی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەو حاشاهەڵنەگر دەبینێت .(محەمەد جەزا، 2015، 39) چونکە بەشێک لەئەدەب وهونەر جگەلەو زمانەی بەکاری دەهێنن بۆ قسەکردن و نووسین زمانێکی ئاماژەیی و هێماگەریتی و میتافۆریکی تێدایەو پێویستی بە گوزارشتی بەهێز و تواناکار و ساختمانی بیرکردنەوە هەیە . لەبەر ئەوە ئەو زمانەی لەشانۆدا هەیە لەهەردوو ڕووگەی بینەر و بەرهەمەهونەریەکەوە پێویستە هاوئاهەنگ و هاوڕێک وگونجاوبن لەگوزارشتدا .
جا ئەمە لەتایپی شانۆی ئەوەی پێی دەوترێت ( شانۆی شەقام ) کە لەڕاستیدا شانۆی کراوە ناوە گونجاوەکەیەتی زۆرجار بۆ ڕاکردن بەکار هاتووەو زمانی شانۆیان بەکارهێناوە بۆ ئەوجۆرە شانۆگەرییە بازاڕییە ناهونەرییە، بەڵام کارەکانی دکتۆر لەم بارەدا شتێکی ترن و کتێبی هەیە سەبارەت بەو جۆرە، پێشنیازی بۆدەکەم لەکاتی چاپکردنەوەیدا بەناوی ئەو کتێبەدا بچێتەوە، هەرچەندە تایپی شانۆی کراوە ( شەقام ) بۆ کەسێکی ئەکادیمی و توێژەرو مامۆستای زانکۆ بەگونجاو نازانم، بەڵکو شانۆی پاکەت ( علبە – بۆکس) بەشیاو دەزانم بۆ دکتۆری بەڕیز لەپاڵ کارە تیۆرییەکانیدا، زۆر لەسەر ئەم باسە ناڕۆم چونکە هەم پسپۆری من نییە و هەم دکتۆریش کتێبی لەوبارەیەوە هەیەو دەتوانن بۆی بگەڕێنەوە .

**تەوەرەی سێهەم**

**تیۆری کۆمیدیاو فەلسەفەی پێکەنین**

)ئەفلاتوون ) لەکۆماردا ئاگادارمان دەکاتەوە لە پێکەنینی توندو قاقای بەهێز، (ئەرستۆ)ش لە کتێبی (شیعر) و (ئەخلاقی نیکۆماخی)دا ئاماژە بۆپێکەنین دەکات و لەچاخی نوێدا ئیمبرتۆئیکۆ ی سیمۆتیکی ئیتاڵی لەرۆمانی (ناوی گوڵ ً)دا کە کراوەتە فیلمی سینەمایی و ئەکتەری بریتانی ناسراو (شین کۆنرێ) ڕۆڵی تیا دەبینێت قسەو باسی خۆی هەیە و لە لای زانایەکی بواری دەرونی وەکو (ئەدلەر) پەیوەندی هەیە بە شعورکردن بە (نقص) کەلەوێدا مەیلی ململانێ لەدایکدەبێت ولای (تۆماس هۆبز) پێکەنین پەیوەندی هەیە بە سەرکەوتن و فەخرو ڕووبەڕووبونەوەی ئەوانی ترو کۆنترۆڵکردنی عەقڵ و جەستەیان . پێکەنین هێمای سەرکەوتن و هێزەو گریان لاوازی وهەڵاتنەولای(نیچە)ی فەیلەسوف لە(وەهای گووت زەردەشت)دا هاتووەودەڵێت:(پێویستە بزانیت چۆن پێدەکەنیت )، (برگسۆن)یش لەمبارەیەوە قسەی هەیە و زۆرلە بیریاران وهونەرمەنداو دەروونناسان مشتومڕیان

لەسەرکردووە خۆئەگەر بکەوینە ناو ڕیزکردن ڕەنگە کاری کردەنی نەبێت و لەوتارێک دەرپچێت و پێویست بکات بیکەم بە توێژینەوە کە بە هیوام بتوانم بەرۆڵێکی واهەستم و لەداهاتوودا بۆی بگەڕێمەوە ...چونکە من لێرەدا بەتەنیا باسی پێکەنین ناکەم  کەچەندین گەورە تیواری مەزن قسەو باسیان لە بارەوەکردووە بەڵکومەبەستمە بە خیرٰایی بزانین (کۆمیدیا ) دەکەویتە کوێی دۆزەکەوە لە کاتێکدا زانیمان پێکەنین ئەوە پێگەیەتی کە باسمان کرد !! دکتۆر کتێبێکی کەریم خەنجەری لەعەرەبییەوە وەرگێڕاوە بەناوی ( تیۆری کۆمیدیا و فەلسەفەی پێکەنین ) لێرەشدا وەک هەمووبەرهەم و کارەکانی شایانی خوێندنەوەو لەسەر وەستانە وەکو (ئەرنست کریس )باوەڕی وایە کۆمیدیا هەوڵێکە بۆتەواوکردنی کاتە سەخت و تەواوەکان یان کاتی ئێستا، لە نێوان شعوری سەرسام بوون و شعوری ڕاکردن، لە تەحویلی ناباوو بە چێژ... لەمەوە دەگەمە ئەوەی بڵێم تێکەڵکردنی خۆش مەزەیی (الفکاهە ) و لەنێوان مەشاعری گەرم و دڵنیادا لەرٍٍوویەکی ترەوە  بکەوینە  دوژمنایەتی و خۆف و لەڕووویەکی ترەوە پێکەنین و بزە پەیوەندیان بە  پێشبینی و دوودڵی و ئازادی و ......ئەوچەمکانەوە هەیە کەزۆرجار  مرۆڤێک بۆدەربازبوون لەخەفەبوون و کپکردن  پەنادەگرێت بە زۆرشت و لەوانەش قاقای پێکەنین  بەدەنگی بەرز کەلەڕاستیدا لەوانەیەکۆمیدیا هەمووکاتێک پێکەنین هێنەر نەبێت و پێویستی بە قاقا لێدان نەبێت و بەپێچەوانەوە زۆرجار گرفت بۆ ئەکتەری ئەم بوارە دروستبکات بەوەی  ئێش و  ئازارەکانی  کارەکتەرەکەی  وای لێبکات بەسەر تراجیدیاشدا سەرکەوێت . بەڵام لێرەدا قسە لەسەر (ئەکتەر) و (نواندن )ی کۆمیدی نیە  بە هیٌندەی  قسەرکردنەلەسەر ئەوەی چی ( پێکەنین ) دروستدەکات و  چییەتی ( کۆمیدیا) لەکوێی  پرسەکەدا یە ؟ !

من لێرە ئەوەی بەلامەوە گرنگە و بە پێویستی دەزانم  چەند بارە لە خۆمان بپرسینەوە (کۆمیدیا چیە؟!) ئایا بەشێوەیەکی دروست هاتووتە ناو ژیانی ئێمە و لە ئەنجامی خوێدنەوەو گەڕان و پشکنین و ڕەخساندنی هەلومەرجی شیاوەوە یان هەروەکو بوارەکانی تری ژیانی کلتوریمان لەخۆوە و بەشێوەی حەزی تاکەکەسی و لە بێ تاقەتی و تەمبەڵی فیکریمانەوە پەنامان بۆبردوون و لە ئێستاشدا وەکو بەشێک لە قەیرانی شانۆ ( بەموفارەقەوە) تەماشادەکرێت و پەیوەدی هەیە بە جەنگی نێوان (کۆمیدیا و تراژیدیا) یان جەنگی نێوان ( نوکتەباز ) و گاڵتەچیەکانی  ناو جەماوەری بینەران ؟ و هونەری (شانۆ) ی خاوەن پرەنسیپ و خاوەن ئامانج یان کردووەتە دووژمنی هاوڵاتیان!

هەربەم هۆیەوە  ئەم هونەرە گرنگە  پێویستی بە  خوێندنەوەو پێداچونەوەو  لێکۆڵینەوەی جدی  هەیەو  هوشیاری کۆمەڵایەتی  لەبەرامبەر  هونەرێکی زیندووی  وەکو (کۆمیدیا) هەیەو  دەبێت لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەشدا زیاد بکرێن و بگەڕێینەوە بۆڕیشەکانی ئەم هونەرە کە ڕۆژگارێک لە سەردەستی کەسانی وەکو ( ئەرستۆفانیس)ی کۆمیدیاکاری گریکی دەبێت بەڕکابەری (فەلسەفە) کەمن دڵنیام لە ئێستای ئێمەدا ئەم ڕکابەرە بوونی نیە و نووسینی جدی لەم بوارانەدا لە ئاستی نەبووندان و بە پێویستی دەزانم هەوڵەکانمانی بۆچڕبکەینەوە ...لە پێناو بەشداریکردنی کارایانەی (کۆمیدیا) وەکو چالاکیەکی مرۆڤانەی ناو ژیارو ژیانی شارستانیەت.

**سەرچاوەکان ؛**


1. دکتۆر کەیفی ئەحمەد: هونەری گێڕانەوە ( لەڕۆمان و داستانی کوردیدا )، چاپی یەکەم هەولێر 2024
2. دکتۆر کەیفی ئەحمەد: ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی – ژمارە (447) چاپی یەکەم: هەولێر 2021

3. د. کەریم خەنجەر، تیۆری کۆمیدیا و فەلسەفەی پێکەنین، وەرگێڕانی: ئەحمەد، د. کەیفی، چاپی یرەکەم سلێمانی 2022
4. دکتۆر کەیفی ئەحمەد: شانۆو دراما لە وراتی کۆیە ( 1919- 2021)، چاپی یەکەم: تاران 2021
5. ڕێباز محەمەد جەزا: شانۆ چییە ؟ ( کۆمەڵە وتارو لێکۆڵینەوەیەکی ساڵانی 2007- 2014)، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم: 2015
6. ڕێباز محەمەد جەزا: خوێندنەوەی شانۆنامە لەتیۆرەوە بۆ پراکتیک ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان – بەڕوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی – بەشی هونەری شانۆ، چاپی یەکەم 2022
7. ڕێباز محەمەد جەزا: ئاستەکانی خوێندنەوەی شانۆنامە، شانۆنامەی " وەک قەقنەس دەسوتێم "ی "گەزیزە" بەنمونە، پێشکەشکردن: د،سەردار مەحموود، پێداچوونەوەی: د. زانیار کەریم، چاپی یەکەم سلێمانی 2022
8. https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=13142&type=farhang